بەڕاستی ئاوازی دەنگ خۆشیەکت پێبەخشراوە لە ئاوازی دەنگ خۆشیەکانی بنەماڵەی داود

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «بەڕاستی ئاوازی دەنگ خۆشیەکت پێبەخشراوە لە ئاوازی دەنگ خۆشیەکانی بنەماڵەی داود». ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئەگەر بمت بینیایە دوێنی ئەمشەو چۆن گوێم بۆ خوێندنەوەکەت ڕادەگرت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێک گوێی لێبوو بە جوانی وتەجویدەوە (بە پێی ئەحکامەکانی خوێندنەوەی قورئان) قورئان دەخوێنێت؛ پێی فەرموو: (بەڕاستی ئاوازی دەنگ خۆشیەکت پێبەخشراوە لە ئاوازی دەنگ خۆشیەکانی بنەماڵەی داود). واتا دەنگت وەکو دەنگی داود خۆشە لە خوێندنی قورئان، چونکە پێغەمبەر داود -علیه السلام- لە کاتی زیکر وخوێندنەوەی کێبەکەیدا زۆر دەنگی بەرز وخۆش بوو، خوای گەورە سەبارەتی دەفەرموێت: {وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا ۖ يَـٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ} [سبأ: 10] واتە: {سوێند بە خودا بەڕاستی لە لایەن خۆمانەوە فەزڵ وبەهرەیەکی گەورەمان بە داود بەخشیبوو ئەی چیا وباڵندەکان لەگەڵ داود زیکر وتەسبیحاتی خوا بکەن وە ئاسنمان بۆ نەرم کردبوو}، ولێرەدا ووتراوە (بنەماڵی داود) لە زمانی عەرەبی وشەی (آل) بە مانای کەسەکە خۆیشی دێت؛ چونکە هیچ یەکێک لە بنەماڵەکەی داود هێندە دەنگی خۆشی پێنەبەخشرا بوو وەکو داود -علیه السلام-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6212